گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/cndcdf70
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 05/03/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 28/04/2024
ڕێــكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵی هاوسۆزی لە پەیوەندی نێوان سیماکانی کەسایەتی و توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لای قوتابیانی زانکۆ

**پاکستان فایق محمدامین[١] - نبی فتاحی[٢]**
Nabi.fatahi@gu.se- Pakstan.mohamedamin@psy.soran.edu.iq
[١] بەشی دەرونزانی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران هەرێمی کوردستان، عیراق.
[٢] بەشی فێربون و لیدەرشــیپ و چاودێری تەندروســتی لە پەیمانگای زانســتی تەندروســتی و چاودێری لە ئەکادیمیای سەهلگرێنسا، زانکۆی یۆتۆبۆری، ڤاسترا گۆتالاند، سوید

**پوختە:**
توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بریتییە لە فۆرمێکی نوێی توندوتیژی نێوان کەسەکان، بە گشتی لە پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا ڕوودەدات. مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ڕۆڵی هاوسۆزی لە پەیوەندی نێوان توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین و سیماکانی کەسایەتی. لەم توێژینەوەیە مێتۆدی چەندییەتی بەکارهێنرا، نمونەی توێژینەوە مەبەستداری نا ناهەڕەمەکییە و نمونەی توێژینەوە قوتابیانی زانکۆی سۆران بون ژمارەیان (108) بەشداربو 57 لە ڕەگەزی مێ و 51 لە ڕەگەزی نێر. چوار پێوەر بەکارهات بۆ کۆکردنەوەی داتا. یەکەمیان، پێوەری سیما تاریکەکان کە پرسیارەکان لەسەر سایکۆپات نێرگزیەت پێکهاتبون کە جێگیرییەکەیان بریتیبو لە 0.75، 0.70 دووەمیان، پێوەری پێنج سیماکانی کەسایەتی بۆ سیمای هاوتەبابون، دەمارگیرییەتی و ویژدان زیندوی جێگیریەکەی بریتیبو لە0.85 0.86، 0.83، 0.79. سێیەمیان پێوەری هاوسۆزی کە جێگیریەکەی 0.80 و چوارەمیان پێوەری توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین جێگیریەکەی 0.86 بو. بۆ شیکردنەوەی داتاکان کۆمەڵێک یاسای ئاماری بەکارهات. ئەنجامەکان ئەوەیان خستەڕو، کەوا سیماکانی کەسایەتی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریان لەسەر زیادبونی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لای بەشداربوانی توێژینەوە هەیە. هەروەها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گۆڕاوی هاوسۆزیەوە سیماکان کاریگەریان لەسەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین هەیە. هاوسۆزی گۆڕاوێکی گونجاو بو کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین هەبو. سەرەڕای ئەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی یان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر دروستبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمانکاتدا، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری مەترسیدارن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لە نێوان ئەو کەسانەی لە پەیوەندی سۆزداریدان.
**کلیلە وشەکان:** سیماکانی کەسایەتی، سیما تاریکەکان، توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین، هاوسۆزی، پێنج سیماکان.

# Empathy As a Mediation Role of The Relationship Between Personality Factors and Online Dating Violence Among College Students

**Pakstan Faiq Muhamedamin – Nabi Fatahi**
[1]Psychology Department, College of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Department of learning and leadership for healthcare professional at Institute of Health and care Science at Sahlgrensa Academy, University of Gothenburg, Vastra Gotland, Region Sweden.

## Abstract:

Online dating violence is a new form of violence perpetrated by persons in romantic relationship. the current study aimed to examine the function of empathy in the link between online dating violence and personality traits. The quantitative method was utilized, and the study's sample was purposeful and non- random, consisting of Soran University students. The sample comprised 108 students, 51 boys, and 57 girls. Data were collected using four self- report measures. Firstly, dark trait scale was used to assess psychopath and narcissism traits. Second the Big Five Inventory, which includes questions on neuroticism, agreeableness, consciousness. The third empathy questioner and the last measurement was online dating violence. The results showed that personality traits generally effect the increase of online dating violence among study sample. As well as results indicated that personality traits indirectly through empathy variable effects of online dating violence. Empathy as an appropriate variable which has direct effect of online dating violence. In spite of the positive role of social media on the social communication, it considers to be one of the risk factors of online dating violence between individuals in romantic relationship.

**Keywords:** Dark Traits, Online Dating Violence, Empathy, Big Five Personality Traits.

## پێشەکی:

توندوتیژی بۆتە واقعێکی نەرێی لە ئەزمونی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتیدا، یەکێکە لە زەحمەترین و سەختترین چەمکەکان لە زانستی کۆمەڵایەتی، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە زیادبونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە (Imbusch, 2003, 13). بۆ ناساندنی دیاردەی توندوتیژی پێویستە بە وردی پێناسەی توندوتیژی وەک دیاردەیەکی نەرێنی و ئاڵۆز و مەترسییەکی تەندروستی جیهانی بناسرێت، بەو پێیەش بۆ پێناسەیەکی گشتگیری توندوتیژی پێویستە چوار پێکهاتە لەخۆبگرێت کە بریتین لە بونی ڕەفتارێکی مەبەستدار، نەخوازراو، ناپێویست و زیانبەخش (Hamby, 2017, 167-169). توندوتیژی بوارەکانی جەنگ، تیرۆر، ئاسایشی نەتەوەیی، توندوتیژی خێزانی، تاوانی توندوتیژ و تاوانی ڕق

لەخۆدەگرێت. تادێت توندوتیژی زیاتر دەبێتە بابەتێک کە مشـــتومڕێکی زۆری لەســـەرکراوە لەســـەرجەم ئەو ڕێبازە دیســـپلینانەی بەشـــدارن لە ئاڵنگارییەکانی پێناســـەکردنی ئەم چەمکە بەشـێوەیەکی بەردەوام لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، تاوانناسی، دەروونناسی، تەندروستی گشتی و بایۆلۆجی (Walby, 2013, 1-2).

دو شـــێواز بۆ بیرکردنەوە لە سروشـــت و پانتایی توندوتیژی هەیە: یەکێکیان لە ڕوی کردەوەو هێزە an act of force، ئەویتریان لە ڕوی پێشـــێلکارییەوەیە violation. ئەوانەی توندوتیژی وەک کردەوەیەکی مەبەســـتدار و هێزێکی تێکدەر پێناســـە دەکەن، پشـــتگیری لە چەمکێکی تەســـک لە توندوتیژی دەکەن کە پێیدەوترێت the Minimalist Conception of Violence (MCV) لە کاتێکدا ئەوانەی توندوتیژی لە ڕوی پێشێلکردنی مافەکانەوە دەبینن پاڵپشتی چەمکێکی فراوانتر لە توندوتیژی دەکەن و پێیدەوترێت the Comprehensive Conception of Violence (CCV) (Bufacchi, 2005, 193). ڕەفتارە شـــەڕانگێزو کردەوە توندوتیژەکان لەناو مرۆڤەکاندا بە چەندین شـــێوەی جۆراوجۆر ڕودەدەن، دەتوانرێـت جیـاوازی ئەوە بکرێـت کە کردەوە توندوتیژییەکان کە لە نێوان تـاک و گروپەکان ئەنجامدەدرێت لە ئازاردانێکی ســـادەوە تا ئازاردانێکی توند دەســـتپێدەکات، وەک کوشـــتنی مرۆڤێک لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە. هەرچەندە هەندێک لە تیۆریســـتەکان گریمانە دەکەن: کە توندوتیژی نێوان کەســـەکان بەشـــێک بوە لە مرۆڤایەتی لە کاتی گەشەسەندن و پەرەسەندنی جۆری مرۆڤ (Kim and Keeley, 2008, 2054)

## کێشەی توێژینەوە:

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دیاردەی توندوتیژی بە هەمو جۆرەکانییەوەو بەشـــێوەیەکی بەربڵاو لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، تەنانەت وەک کێشەیەکی تەندورستی جیهانی سەیردەکرێت. بەتایبەتی دوای ئەو گەشەسەندنە خێرایەی کە تەکنەلۆژیا لەم ســـاڵانەی دوایدا بەخۆیەوە بینی و بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئاســـتێکی بەرزی بە خۆیەوە بینی. بوە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی توندوتیژی کە ئەویش توندوتیژی ژوانی بەشێوەی ئۆنلاینە. ئەم جۆرەی توندوتیژی ئاماژەیە بۆ فۆرمێکی نوێی پەیوەندی کردنە لە نێوان کەســـەکان کە پەیوەســـتە بە پەیوەندییە ســـۆزدارییەکان (Rodríguez-deArriba *et al.*, 2021, 1). هەروەها لەم دوایانەدا توندوتیژی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەک کێشـەیەکی مافی مرۆڤ ناسـێندرا و ئەمەش جۆرەکانیتری توندوتیژی سـۆزداری و جەسـتەیی و سـێکسی دەگرێتەوە، کە توندوتیژی سێکسی بە دژوارترین جۆر لەڕوی کاریگەرییەوە هەژماردەکرێت (Tavara, 2006, 395- 396).

بەهۆی ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا شـێوازێکی جیاوازی دروسـتکردوە، کە لە ڕێگەیەوە قوتابیانی زانکۆ دەتوانن و بەشـێوەی ئۆنلاین پەیوەندی دروسـتبکەن و کەسـانی دیکە بناسـن، تەنانەت پەیوەندی سـۆزداری بەشـێوەی ئۆنلاین لەنێو قوتابیانی زانکۆ بەشـــێوەیەکی بەرچاو هەیە (Scannell, 2019, 34-36). هەروەها بونی مەیلی توندوتیژ لای قوتابیانی زانکۆ لەوانەیە پەیوەســـت بێت بە ســـیماکانی کەســـایەتییەوە. چونکە تاکەکان هەمویان وەکیەك لە کردەوەی توندوتیژی تێوەناگلێن، یەکێك لەو فاکتەرانەی کە ئەم جیاوازیە لە نێوان تاکەکاندا دروسـتدەکات ئەمەش پەیوەندی بە کاریگەری سیماکانی کەسایەتیەوە هەیە و ئەم بۆچونەش لە چەندین توێژینەوەدا دوپاتکراوەتەوە (Ferguson et al., 2011, 1197-1198; Jones et al., 2022, 1; Hellmuth and McNulty, 2008, 166; Mohamedamin and Fatahi, 2022, 213). لەبەرئەوەی لە نـاو قوتـابیـانی زانكۆ بەرێژەیەکی بەرچـاو تێبینی ئەوە کراوە کەوا ئەو قوتابیانەی بەشـــێوەی ئۆنلاین لە پەیوەندی ســـۆزداریدان خۆشـــەویســـتەکانیان هەراســـانکردوە و زۆر جاریش ئەم هەراسانکردنە بۆتە هۆی هەڕەشە و توندوتیژی بەشێوەی ئۆنلاین.

## گرنگی توێژینەوە:

توندوتیژی وەک بەشـــێکی دانەبڕاو لە ڕەفتار لای هەندێک تاک لە وانەیە بوبێتە تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاو. ڕۆژانە لە ناو کۆمەڵگەکاندا چەندین جۆری جیاوازی کردەوەی توندوتیژ ئەنجامدەدرێت، هەوڵدان بۆ تێگەیشـــتن لە هۆکارەکانی توندوتیژی لەلایەن توێژەرانەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ئەنجامدانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لە ڕوانگەی سـیماکانی کەسـایەتیەوە. دۆزینەوەی هۆکارەکانی پشـت ئەنجامدانی توندوتیژی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سروشتی پەیوەندی نێوان سیماکانی کەسایەتی و توندوتیژی تێبگەین، هەروەها ئەو کەسانە دەستنیشان بکەین کە مەیلیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژ بەگشتی و توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بەتایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەســەر هەڵســوکەوت و شــێوازی بیرکردنەوەی تاکی دەســتدرێژیکار هەیە، لەلایەکیترەوە زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان ئەمەش بەرچاوڕونی بە توێژەرانی بواری دەرونناسی دەدات بۆ ئەوەی بتوانن ڕونکردنەوە لە بارەی ڕەفتاری توندوتیژی بدەن. کەســـایەتی گوزارشـــتە لە ســـیماکان کە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جیاواز پێکدێن و لە تاکدا ڕەنگدەدەنەوە و دەبنە هۆی دروســـتکردنی جیاوازی تاکایەتی. ســـیماکانی کەســـایەتیش تەنها بە کۆمەڵگە و ناوچەیەکی دیاریکراو تایبەت نین، بەڵکو ڕەگێکی بایەلۆژیان هەیە و گشـــتگیرن و کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ دروست دەکەن (R. R. McCrae & Costa Jr., 1999, 653- 665). یەکێك لەو لایەنانەی کە توێژینەوەی لەبارەیەوە ئەنجام دەدرێت بریتییە لە ڕۆڵی ســـیماکانی کەســـایەتی لەســـەر ڕەفتاری توندوتیژی (Hellmuth & McNulty, 2008, 166; Jones et al., 2022, 1). یەکێکیتر لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بزانرێت ئاخۆ پەیوەندی نێوان سیماکانی کەسایەتی و ڕەفتاری توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین هەیە، ئەگەر پەیوەندی هەیە فاکتەری کاریگەر چییە؟ گرنگیەکیتر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر سیماکانی کەسایەتی دەکرێت پێشبینی لە هەڵسوکەوتەکانی قوتابیانی زانکۆ لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بکرێت، بۆ نمونە زۆرجار بەهۆی بونی کێشەی ســۆزداری قوتابی لەوانەیە ئاســتی ئەکادیمی بەرەو لاواز بون بچێت. کە بە هۆی پێشــبینیکردنی هەڵســوکەوتەکانیان دەکرێت بەشێوەیەکی تەندروست ئاراستە بکرێن و ئەو مەیلە توندوتیژە کەم بکرێتەوە. کە ئەمەش کۆمەڵێک فاکتەری مەترسیداری لە پشت دەبێت و ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی ئۆنلاین. بۆ نمونە لە توندوتیژی ژوانی بەشـێوەی ئۆنلاین تاکەکان دەیانەوێت بەرامبەرەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، جاری واش هەیە خۆشـەویسـتەکانیان بۆ ئەم مەبەستە هەراسان دەکەن (Zweig *et al.*, 2013, 1066-1077).

بەشـێوەیەکی گشـتی کەمن ئەو توێژینەوانەی کە کاریگەری سیماکانی کەسـایەتیان لەسـەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لە ڕێگەی هاوسـۆزی وەک گۆڕاوێکی نێوەندگیر خستۆتەڕو، بە تایبەت لەناو تاکی کورد، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە هەڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە:

ئایا فاکتەرەکانی کەسایەتی لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە پەیوەندییان بە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاینەوە هەیە؟

هەروەها ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

١- زانینی پەیوەندی لە نێوان ســـیماکانی کەســـایەتی و توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لای ئەو کەســـانەی لە پەیوەندی خۆشەویستیدان.

٢- زانینی ئەوەی کە ئاخۆ تا چەند ســـیما تاریکەکان لە ڕێگەی هاوســـۆزی کاریگەی لەســـەر ڕەفتاری توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین هەیە.

توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە دو گریمانە دەکات کە بریتین لە:

١- گریمانەی H0: سیماکانی کەسایەتی پێشبینی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای گۆڕاوی نێوەندگیری هاوسۆزی ناکات.

٢- گریمانەی H1: سیماکانی کەسایەتی پێشبینی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای گۆڕاوی نێوەندگیری هاوسۆزی دەکات.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی سۆران، سنوری کاتی بریتییە لە ساڵی خوێندنی (2023 /2022) هەروەها چوارچێوەی بابەتی دیاریکراوە بە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین و پەیوەندی بە سیماکانی کەسایەتی لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە.

## پێناسەی چەمکەکان:

**هاوسۆزی:** بریتییە لە توانای تاک لە تێگەشتن و هاوبەشیکردن لە هەستی کەسانی تر (Breyer, 2019).

**سیماکانی کەسایەتی:** سیما کۆمەڵێک تایبەتمەندی جێگیرە لە کەسایەتی کە بە هۆیەوە تاکێک لە تاکێکی تر جیادەکاتەوە، واتە شێوازێکی تایبەتی تاکەکانە لە بیرکردنەوە و هەستکردن و ڕەفتارکردن (Costa and McCrae, 1999).

**توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین:** بریتییە لە شێوازێکی نوێی توندوتیژی کە لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا سەریهەڵداوە، وەک ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی لەلایەن هاوبەشێک بەرامبەر بە هاوبەشەکەی بەشێوەی ئۆنلاین و بەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Gracia Leiva et al., 2020).

## چوارچێوەی بیردۆزی:

### توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین:

توندوتیژی بریتییە لە هەر کردەوەیەکی بە مەبەست intention یان مەبەستێکی پێشوەختە perceived intention بۆ ئازاردانی جەستەیی یان بونی هێزێکی هەڕەشەئامێز دژی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک (Krug *et al.*, 2002, 5-6). لە ئاستی جیهانیدا سێ جۆری جیاواز لە توندوتیژی بونیان هەیە کە بریتین لە توندوتیژی نێوان کەسەکان و توندوتیژی خودی و توندوتیژی بەکۆمەڵ (Gandhi et al., 2016, 1; Rutherford et al., 2007, 676- 678).

توندوتیژی نێوان کەسەکان ئاماژەیە بۆ هەر کردەوەیەکی مەبەستدار کە هێزی جەستەیی بەکاربێنێت دژی تاکێک یان گروپێکی بچوکی تاکەکان و کە خۆی دەبینیتەوە لە توندوتیژی جەستەیی، سێکسی و دەرونی (Mercy *et al.*, 2017, 71). ئەزمونی توندوتیژی لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە پەیوەندی هاوبەشدان زۆرجار لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا ڕودەدات کە پێیدەوترێت توندوتیژی ژوانی dating violence (Thulin *et al.*, 2021, 2). لەم ساڵانەی دوایدا توندوتیژی ژوانی بەشێوەی ئۆنلاین سەریهەڵدا کە ئاماژەیە بۆ فۆرمێکی نوێی توندوتیژی نێوان کەسەکان کە پەیوەستە بە پەیوەندییە سۆزدارییەکان و لە دوای گەشەسەندنی تەکنەلۆژیان ڕوی لە زیادیکردوە (Rodríguez-deArriba *et al.*, 2021, 1). هەروەها بەشێوەیەکی بەرفراوان قوتابیانی زانکۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، تاکو بتوانن لە ڕێگەیەوە پەیوەندی سۆزداری دروستبکەن، بە هۆی ئەو باردۆخە تایبەتەی کە تێیدان تەنانەت هەندێک جار بە هۆی ژوانی ئۆنلاینەوە کۆمەڵێک فاکتەری مەترسیدار سەرهەڵدەدەن، وەک توندوتیژی و هەراسانی سێکسی (Scannell, 2019, 36). لەوانەش توندوتیژی ژوانی بەشێوەی ئۆنلاین، کە لێرەدا تاکەکان دەیانەوێت

بەرامبەرەکانیان (خۆشەویستەکانیان) کۆنترۆڵ بکەن، جاری واش هەیە خۆشەویستەکانیان بۆ ئەم مەبەستە هەراسان دەکەن (Zweig *et al.*, 2013, 1063)، کەواتە ئەم جۆرە توندوتیژیە دو ڕەهەندی هەیە، کە بریتین لە کۆنترۆڵکردنی کەسی بەرامبەر و هەراسانکردنیان.

هەر لەم چوارچێوەیەدا قوتابیانی زانکۆ چەندین ئامرازی دیجیتاڵی بەکاردەهێنن بۆ دەستپێکردن و پەرەپێدان و پاراستنی پەیوەندی خۆشەویستی، وەک کورتەنامە، ئیمەیڵ، تەلەفۆن و چاتکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە (Burke *et al.*, 2011, 1162). ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێ بۆ خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنجامدانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین و بونی ڕەفتاری سەرکێشی- ئۆنلاین و هەراسانکردنی ئۆنلاین (Caridade, Braga and Borrajo, 2019, 1). لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلکترۆنییەکان ڕەنگە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبونی هەرزەکاران هەبێت، وەک توانای کۆنترۆڵکردنی خود، لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە و دەربڕینی هەستەکانیان بەشێوەیەکی گونجاو، بەڵام کۆمەڵێك کاریگەری نەرێنیش بەدوای خۆیدا دێنێت (Pujazon-Zazik and Park, 2010, 80-81). لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تاکەکان زیاتر دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا دروست بکەن لەم حاڵەتەشدا دەرفەتی زیاتر بۆ تاک دەڕەخسێ بۆ ئەوەی توندوتیژی ئونلاین ئەنجام بدەن (Kernsmith, Victor and Smith-Darden, 2018, 1-14). هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕێگە خۆشکەرە بۆ قوتابیانی زانکۆ بۆ ئەوەی بەشێوەی ئۆنلاین پەیوەندی سۆزداری و نوێ دروستبکەن، بەتایبەتی ئەگەر لە دوای دروستکردنی پەیوەندی بگەڕێت (Scannell, 2019, 40). واتە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندیکردن فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ڕەفتاری نەرێنی وەک هەراسانکردن و شەڕانگێزی، کۆنترۆڵکردن، بەدواوەبونی یان چاودێریکردنی هاوبەشان لە پەیوەندیە سۆزدارییەکاندا. بەگشتی ئەم ڕەفتارانە بە شەڕانگێزی ئەلیکترۆنی وەک فۆرمێکی نوێتر لە توندوتیژی ژوانی ناسراون کە خۆی لە ئۆنلایدا بەرجەستە دەکات (Smith-Darden *et al.*, 2017, 33). مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم ڕەفتارە نەرێنیانە لەلایەن دەستدرێژیکار بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییە تایبەتییەکانی خۆشەویستەکەی و چاودێریکردنی ئەمەش لە ڕێگەی زۆر پەیوەندیکردنەوە ئەنجام دەدات، تەنانەت زۆرجار بۆ سەیرکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان داوای وشەی نهێنی لە خۆشەویستەکەی دەکات (Caridade and Braga, 2020, 1-26).

توندوتیژی ژوانی لە شێوەی ئەلیکترۆنی و توندوتیژی نێوان هاوبەشان لە شێوەی ڕوبەڕو face to face لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا هاوشێوەن (Lu, Ouytsel and Temple, 2021, 1-9)، چونکە هەردو کۆنتێکستەکە جۆرە جیاوازەکانی شەڕانگێزی دەرونی وەک سوکایەتیکردن، هەڕەشەکردن، چاودێریکردن، فریودانی سۆزداری و کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هاوبەشی ژیانیان لەخۆدەگرن (Foshee, 1996, 279). ئازاردانی دەرونی لایەنێکی بەرچاوی توندوتیژی هاوبەشەکانە بەتایبەتی لە پەیوەندی هاوبەشی لێکنزیك intimate partner violence، (Stephenson, Wickham and Capezza, 2018, 1). لە کاتێکدا نزیکبونەوەی جەستەیی physical proximity لەگەڵ قوربانییەکە لە چوارچێوەی ئۆنلایندا نییە، بۆیە توندوتیژییەکە لەوانەیە لە هەر کاتێکدا ڕوبدات. هەروەها کاردانەوەی قوربانییەکە بەرمبەر بە دەستدرێژیکارەکە دیارنییە (Muñoz-Fernández and Sánchez-Jiménez, 2020,2-37). بەڵام هەمو ئەو کەسانەی کەوا لە پەیوەندی سۆزداریدان پەنا بۆ بەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین نابەن، ئەمەش لەوانەیە کۆمەڵە فاکتەرێکی دەرونی لە پشتەوە بێت، بۆ نمونە سیماکانی کەسایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری پێنج سیما گەورەکەی کەسایەتی دەبەستێت.

## تیۆری پێنج سیما گەورەکەی کەسایەتی:

پێنج سیما گەورەکەی کەسایەتی ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی کەسایەتی کە لە لایەن کۆستاو ماککرایی پەرەی پێدراوە (Costa and McCrae, 1992, 343). گروپێکە لە پێنج تایبەتمەندی ناوازە کە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی بەکاردەهێنرێت سیماکانی کەسایەتی چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، وەك هاوتەبایی agreeableness، دەمارگیریەتی neuroticism، ڕوگەشی extraversion، کرانەوە بەرامبەر بە ئەزمونەکان openness to experience و ویژدان زیندویی conscientiousness (McCrae and Costa Jr., 1999, 139). هاوتەبایی گوزارشت لە ئەنجامدانی ڕەفتار و پەیوەندییە ستراتیجییە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان دەکات و وا لە تاکەکان دەکات بە باشی بیر لە ڕەفتارەکانیان بکەنەوە و زیاتر هاوسۆزن و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکەن (Graziano & Tobin, 2013, 347-364). ویژدان زیندویی سیمایەکە لە پێنج سیماکانی کەسایەتی کە مەیلی پەیڕەوکردنی نۆرمە دیاریکراوەکانی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هاندانەکان، کۆنترۆڵی خود، هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە بوارە جیاوازەکان، هەوڵدان، پابەندبون بە یاساکان، ڕێکخراوەیی و ڕێکوپێکی، ماندوبون، بە دەستهێنانی ئامانج، پلاندانان، بونی توانا لە دواخستنی چێژەکان delay gratification (Costa & McCrae, 1992, 343; Fan et al., 2022, 1; Gao et al., 2021, 1830).

هەروەها سیمایی کراوەیی بەرامبەر بە ئەزمونەکان تایبەتمەندە بە مەیلی گەڕان بەدوای ئەزمونی نوێدا و ویست بۆ نیشاندانی بیرۆکە، بەها و هەست کە جیاوازن لە ئەزمون و ئارەزوەکانی پێشوی (McCrae and Costa, 1983, 248). دەمارگیریەتی گوزراشت لەلایەنی سۆزەکی مرۆڤ دەکات و پەیوەندییەکی بەهێزی بەچۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ فشار و مەترسی و بێهیوای هەیە و توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچونەکانیان نییە (Balada et al., 2019, 4; Eysenck, 1967, 386- 387;).

یەکێکی دیکە لە سیماکان بریتییە لە ڕوگەشی کە گوزارشت لە هەبونی وزە و چالاکی دەکات و کەسە ڕوگەشەکان ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە و پێداگرن و لەکاتی بەسەربردنی کاتەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەن (Brändström, 2009, 9-10; H. J. Eysenck & Eysenck, 1967, 386- 387). سەبارەت بە سیما تاریکەکان، کە سایکۆپات یەکێکە لە پێکهاتەکانی ئەم سێگۆشەیە، گوزراشت لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی نەرێنی دەکات کە بریتین لە تەفرەدانی خەڵك و دڵرەق بون، لەخۆباییبون، خۆپەرست و ئەنجامدانی ڕەفتاری دژە کۆمەڵگە (Lynam and Gudonis, 2005, 383-400). لەگەڵ ئەمانەشدا نێرگزیەکان بەوە دەناسرێنەوە کەوا خۆیان زۆر پێمەزنە و لە ڕادەبەدەر ئەوین بە خودی خۆیانن و بە چاوێکی کەم تەماشای کەسانی دیکە دەکەن (Miller *et al.*, 2017, 4-5). کەسانی نێرگزی و سایکۆپات هەردوکیان بەوە دەناسرێنەوە کە ناتوانن بە باشی کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و زو دەوروژێن. بە گشتی سیما تاریکەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێشبینیکردنی ئەنجامدان perpetration و قوربانیکردن victimization لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک ڕەفتاری نەرێنی (Pineda *et al.*, 2022, 1). هەرچی سەبارەت بە هاوسۆزییە، ئەم سیمایە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی چۆنێتی تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی ئەزمونی سۆزداری و هەستی کەسانی دیکە. کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بزانرێت کەسانی دیکە بیر لەچی دەکەنەوە و هەست بەچی دەکەن، تاکو بتوانن لە ڕوی سۆزداری هاوبەشی لە بیرکردنەوەکانیان و هەستەکانیان بکەن (Heym et al., 2019, 2-3).

## ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی پەســـی چەندێتی Quantitative Descriptive بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوە بەدەستبهێنرێت. لەم جۆرە ڕێبازەدا لە ڕێگەی پێوەر داتاکان کۆدەکرێنەوە پاشان لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکان شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت (Yue and Xu, 2019, 517-538).

### ئامرازە ئامارییەکان:

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهێنراون، لەوانە Cronbach's alpha بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتویی ناوەکی. Multiple linear regression وProcess macro بۆ زانینی پێشـــبینی گۆڕاوەکانی توێژینەوە و تێستکردنی گۆڕاوی نێوەندگیر.

### بەشداربوانی توێژینەوە:

نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیبون لە قوتابیانی زانکۆی سۆران لە سنوری پارێزگای هەولێر بەشێوەی نا ناهەڕەمەکی مەبەســتدارە، چونکە تەنها ئەوکەســانەبون کە لە پەیوەندی ســۆزداریدابون و ئەزمونی ئەنجامدانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاینیان هەبو. کە کۆی گشــتی بەشــداربوان بریتی بون لە (380) بەشــدار بو. بەڵام تەنها (108) بەشــداربو وەک نمونەی توێژینەوە وەرگیران و وەڵامەکانیان بە تەواوەتی داوەتەوە لە هەردو ڕەگەز کە ڕەگەزی مێ 57 و ڕەگەزی نێر 51. هەرچەند لەســەرەتای فۆرمی دەســتپێکردن ئاماژە بەوەکرابو کە ســەرجەم زانیارییەکان پارێزراون و بەشــێوەیەکی نهێنی دەمێننەوە. بەڵام بەهۆی تایبەت بونی بابەتەکە بە بارودۆخی کەسی و هەندێک جاریش کەلتور ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربوان لە بەشداریکردن پاشەگەز بونەوە و تەنها ئەم ژمارەیە بەشداری توێژینەوەکەیان کرد.

### ئاکاری توێژینەوە:

ســـەرجەم پرســـیارەکان و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ئەنجومەنی ئاکاری توێژینەوە لە بەشی دەرونزانی زانکۆی ســۆران پێداچونەوەیان بۆکراوە و پەســەندکراون. بەشــداریکردن لە توێژینەوەکە خۆبەخشــانە بو، هەروەها ئازادبون لە هەر جێگایەک بیانەوێت واز لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە بهێنن، بەشداربوان بڕگەی ڕەزامەندی بەشدرایکردنیان پەسەندکرد و دڵنیا کرانەوە کە وەڵامەکانیان بە نهێنی دەمێننەوە لەلایە توێژەر.

### پێوەرەکان:

### پێوەری سیما تاریکەکان:

بۆ پێوانکردنی ســیما تاریکەکان ڕاپۆرتێکی خودی بەناوی کورتە پێوەری ســێگۆشــەی تاریك (SD3) The Short Dark Triad کە پێوانی ســـایکۆپات، ماکیاڤیلیزم و نێرگزت بەکارهێنراوە (Jones and Paulhus, 2014, 30). ئەم پێوەرە لە 27 بڕگە پێکهاتوە، کە بۆ هەر ســیمایەك بە 9 بڕگە پێوانە دەکرێت. ســەبارەت بە بژاردەکانی وەڵامدانەوە، لە بەرانبەر هەر بڕگەیەک 5 هەڵبژاردە هەیە، کە بە هەرگیز لەگەڵیدا نیم (1) دەســتپێدەکات و بە هەمیشــە لەگەڵدام (5) کۆتایی دێت. نمونە لە بڕگەکان، بەڵام هەندێك لە بڕگەکان بەشێوەیەکی پێچەوانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. نمونەیەك لە بڕگەکان، ســایکۆپات "هەرگیز کیشــەی یاســاییم نەبوە"، ماکیاڤیلیزم "دەشــێت زۆربەی خەڵکی هەڵبخەڵەتێنرێن"، نێرگیزیەت "خەڵك وەك ســـەرکردەیەك لە من دەڕوانن". ئەم پێوەرە لە ڕوی ڕاســـتگۆییەوە گونجاو بۆ بەکارهێنان کە ڕاســـتگۆی جیاکراوە discriminant validity و بونیـاتی construct validity بۆ دۆزراوەتەو (Jones and Paulhus, 2014, 32). ڤێرژنە ئینگلیزییەکەی ئەم پێوەرە دڵنیایی ناوەوەی لە جۆری کرۆنباخ ئەلفای لە نێوان 73 بۆ

78 بوە. بەڵام ســەبارەت بە نوســخە کوردیەکە، دڵنیایی ناوەوەی بە بەکارهێنانی کرۆنباخ ئەلفا بەم شــێوەیە بوە، سایکۆپات 0.75، و نێرگزیەت 0.70، بە نێوەندی ژمێرەیی 0.72.

## پێوەری پێنج سیما گەورەکە:

پێوەری پێنج گەورەکە پێوەرێکی ڕاپۆرتی خودیە کە لە 44 بڕگە پێکهاتوە و پێوانی پێنج ســیما گەوەرکە دەکات، بەکارهێنراوە (John and Srivastava, 1999, 70-71). ســەبارەت بە بژاردەکانی وەڵامدانەوە، لە بەرانبەر هەر بڕگەیەک 5 هەڵبژاردە هەیە، کە بە هەرگیز لەگەڵیدا نیم (1) دەستپێدەکات و بە هەمیشە لەگەڵدام (5) کۆتایی دێت. نمونەیەك لە بڕگەکان، ڕوگەشی "زۆر قســە دەکەم". هاوتەبابون "بەشــێوەیەکی گشــتی جێی باوەڕی خەڵکم". ویژدان زینـدوی "کـارەکـان بە لێهـاتویەوە ئەنجـام دەدەم" کرانەوە بەرانبەر بە ئەزمونەکـان "حەزم لە بیرکردنەوەی قوڵە، بیرۆکەکان تاوتوێدەکەم" دەمارگیریەتی "دەتوانم کەســێکی مەزاجی بم". دڵنایی ناوەوەی ئەم پێوانەیە لە نێوان 0.79 بۆ 0.85 دایە. هەروەها ڕاســتگۆی لێکنیزیی هەیە (John and Srivastava, 1999, 62). ســەبارەت بە نوســخەی کوردی ئەم پێوانەیە، دڵنیایی ناوەوەی لەڕێگەی کرۆنباخ ئەلفا، بەم شــێوەیە بوە، هاوتەبابون 0.85، دەمارگیریەتی 0.86، ویژدان زیندویی 0.83 و کراوەیی 0.79، بە نێوەندی ژمێرەیی 0.83.

## پێوەری هاوسۆزی:

بۆ پێوانکردنی هاوسۆزی، پێوەرێکی ڕاپۆرتی خودی کە لە 31 بڕگە پێکهاتوە بەکارهێنرا (Reniers *et al.*, 2011, 89). ســەبارەت بە بژاردەکانی وەڵامدانەوە، لە بەرامبەر هەر بڕگەیەک 4 هەڵبژاردە هەیە، کە بە هەمیشــە لەگەڵیدام (1) دەســتپێدەکات و بە هەرگیز لەگەڵدانیم (4) کۆتایی دێت. نمونە لە بڕگەکان، "کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانم بە نیگەرانی دەبینم کاریگەری لەســەرم دروســت دەکات" دڵنیایی ناوەوەی ئەم پێوانەیە لە نێوان 0.65 بۆ 0.85 دایە. هەروەها ڕاســتگۆی بنیاتنان و شــیکاری فاکتەری بۆ پێوەرەکە کراوە (Reniers *et al.*, 2011, 89). ســەبارەت بە نوسخەی کوردی ئەم پێوانەیە، دڵنیایی ناوەوەی لە ڕێگەی کرۆنباخ ئەلفا، بەم شێوەیە بوە 0.80.

## پێوەری توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین:

بۆ پێوانەکردنی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین پێوەرێکی بڕگەیی 20 کە پێوانەی دو لایەنی توندوتیژی ژوانی دەکات. یەکەم پێوانەی دەستدرێژیکاری perpetrated توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین دەکات، کە لە 10 بڕگە پێکهاتوە، دوەمیان پێوانەی قوربانیانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین دەکات کە ئەویش لە 10بڕگە پێکهاتوە. ئەو بڕگانەی کە ئاماژەن بۆ ئەو کەســەی دەستدرێژی دەکاتە سەر هاوبەشەکەی لە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین، دو ڕەهەند لەخۆدەگرێت کە بریتین لە شەڕانگێزی ئەلێکترۆنی و کۆنترۆڵی ئەلیکترۆنی. لە بەرامبەر هەر بڕگەیەک 4 هەڵبژاردە هەیە، کە بە هەرگیز (1) دەســتپێدەکات و بە هەمیشــە (4) کۆتایی دێت (Redondo et al., 2022, 5). بە یەکێک لە پێوەرە هەرە باشــەکان دادەنرێت لەڕوی ڕاستگۆیی و دڵنیایی ناوەکی کە لە نێوان 0.94 بۆ 0.97 بوە. سەبارەت بە نمونەی کوردی دڵنیایی ناوەکی بۆ ئەم پێوەرە بریتی بو لە 0.86.

## ڕاستگۆی وەرگێڕان:

پرۆســەی وردی وەرگێڕان لە ڕێگەی چەند هەنگاوێک بەڕێوەچو، هەنگاوی یەکەم وەرگێڕانی ســەرەتایی لە زمانی ئینگلزی بۆ زمانی کوردی لە لایەن پســپۆڕێکی دەرونزانی، کەوا هەردو زمان بەباشی دەزانی ئەنجامدرا. دواتر، ڤێرژنی وەرگێڕدراو لە شــوێنی پێویســت لەلایەن توێژەران و ســەرپەرشــتیارەوە هەڵســەنگێندرا و دەســتکاری ئەو بڕگانە کرا کە

ڕوونەبون بۆ ئەوەی بۆ نمونەی بەشداربو ئاسانتر و ڕونتر بێت. پاشان ڕاستگۆی وەرگێڕان، بۆ پێوەرەکان کرا کە بریتییە لە پرۆسەی وەرگێڕانی ڤێرژنی کوردی وەرگێردراو بۆ زمانی ئینگلیزی، لەلایەن دو کەس کە زمانی دایکیان زمانی کوردییە خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو ماستەرن لە زمانی ئینگلزی لە زانکۆی سۆران لە ڕێگەی وردی وەرگێڕان پێداچونەوەیان بۆ پێوەرەکان کردەوە. لە کۆتاییدا، بەراوردکردنی کۆپی ڕەسەن لەگەڵ کۆپی وەرگێردراوی ورد بۆ هەردو وەشانی ئینگلیزی و کوردی کرا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی وردبینی و لێکچون لە نێوان هەردو وەشاندنەکان، کە ڕاستگۆی وەرگێڕان بریتیبو لە 98%.

## ئەنجامەکان:

دوای جێبەجێکردنی شیکاری ئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئەنجامی بە دەستهێنا لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتوە، کەوا سیما تاریکەکانی کەسایەتی ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر توندوتیژی ژوان لای بەشداربوان هەیە. سیمای سایکۆپاتی بەشێوەکی گشتی کاریگەری لەسەر دورستبونی توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.498, %95 ci (0.363, 0.634. هەروەها سایکۆپاتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی هاوسۆزییەوە کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.073, %95 ci (0.008, 0.139. هەروەها لە ئەنجامێکی دیکەدا ئەوە دەرکەوتوە کەوا سایکۆپاتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.425, %95 ci (-0.122, .0.015-) هەرچی سیمای نێرگزیەتە ئەوا بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتوە کەوا کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.412, %95 ci (0.263, 0.560. بەپێی ئەنجامێکی دیکە، نێرگزیەت بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەبوە b = 0.071, %95 ci. (0.009, 0.134) هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەخۆش کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی لای بەشداربوان هەبوە = b (0.340, %95 ci (0.195, 0.486، سەیری خشتەی (1) بکە.

سەبارەت بە پێنج سیماکانی کەسایەتی ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا کەوا سیمایی دەمارگیریەتی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.427, %95 ci (0.289, 0.564. بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هاوسۆزی کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = 0.075, %95 ci (0.013, 0.138. هەروەها لە ئەنجامێکی

خشتەی ١ : کاریگەری سایکۆپاتی و نێرگزیەت لەسەر توندوتیژی ژوانی بە نێوەنجێتی هاوسۆزی

| P | t | 95% Confidence Interval Upper | Lower | SE | Coefficient | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| - | - | 0.139 | 0.00821 | 0.0334 | 0.0738 | سایکۆپاتی ← هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 5.8 | 0.569 | 0.28134 | 0.0733 | 0.425 | سایکۆپاتی ← توندوتیژی ژوانی |
| 0.011 | -2.53 | -0.0155 | -0.1225 | 0.0273 | -0.069 | هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 7.21 | 0.634 | 0.36314 | 0.0692 | 0.4987 | سایکۆپاتی ← توندوتیژی ژوانی |
| - | - | 0.134 | 0.00921 | 0.0318 | 0.0716 | نێرگزیەت ← هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 4.59 | 0.486 | 0.19517 | 0.0741 | 0.3404 | نێرگزیەت ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -3.63 | -0.0455 | -0.1522 | 0.0272 | -0.0988 | هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 5.44 | 0.56 | 0.26363 | 0.0757 | 0.412 | نێرگزیەت ← توندوتیژی ژوانی |

دیکەدا ئەوە دەرکەوتوە، کەوا دەمارگیریەتی بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەخۆ کاریگەری لەســـەر توندوتیژی ژوانی هەبوە  b = 0.427, %95 ci (0.289, 0.564).  سەبارەت بە کاریگەری سیمای هاوتەبابون بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەیە (b = -0.514, %95 ci (-0.662, -0. 366. هەروەها بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەخۆ لە ڕێگەی هاوســـۆزی کاریگەری لەســـەر توندوتیژی ژوانی هەبوە (b = -0.074, %95 ci (-0.137, -0.011. لە هەمانکاتدا بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەخۆش کاریگەری لەســـەر توندوتیژی ژوانی هەبوە (b = -0.440, %95 ci (-0.588, -0.292. ئەنجامەکان سەبارەت بە سیمای ویژدان زیندوی توندوتیژی ژوانی ئەوە دەخەنەڕو کەوا بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیمایە کاریگەری لەســـەر توندوتیژی ژوانی هەبوە (b = -0.466, %95 ci (-0.617, -0.317. لە ئەنجامێکی دیکەدا ئەوە دەرکەوتوە، کە ویژدان زیندویی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هاوسۆزی کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەبوە (b = -.0.060, %95 ci (-0.122, -0.040 هەروەها لە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆش کاریگەری لەسەر توندوتیژی ژوانی هەبوە (b = -0.405, %95 ci (-0.550, -0.262.، سەیری خشتەی (2) بکە.

خشتەی2:  کاریگەری دەمارگیریەتی، هاوتەبابون و ویژدان زیندویی لەسەر توندوتیژی ژوانی بە نێوەنجێتی هاوسۆزی

| P | T | Upper | Lower | SE | Coefficient | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 95% Confidence Interval | | | | |
| - | - | 0.138 | 0.0139 | 0.0316 | 0.0758 | دەمارگیریەتی ← هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 4.92 | 0.491 | 0.2112 | 0.0714 | 0.3512 | دەمارگیریەتی ← توندوتیژی ژوانی |
| 0.002 | -3.12 | -0.0319 | -0.14 | 0.0276 | -0.0859 | هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | 6.09 | 0.564 | 0.2896 | 0.0701 | 0.427 | دەمارگیریەتی ← توندوتیژی ژوانی |
| - | - | -0.0114 | -0.137 | 0.0321 | -0.0743 | هاوتەبابون ← هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -5.84 | -0.2924 | -0.588 | 0.0754 | -0.4402 | هاوتەبابون ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -3.3 | -0.0351 | -0.138 | 0.0262 | -0.0864 | هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -6.81 | -0.3665 | -0.662 | 0.0755 | -0.5145 | هاوتەبابون ← توندوتیژی ژوانی |
| - | - | -0.04 | -0.122 | 0.0312 | -0.0607 | ویژدان زیندویی ← هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -5.54 | -0.262 | -0.55 | 0.0733 | -0.4059 | ویژدان زیندویی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -3.93 | -0.0511 | -0.1526 | 0.0259 | -0.1019 | هاوسۆزی ← توندوتیژی ژوانی |
| <.001 | -6.09 | -0.317 | -0.617 | 0.0766 | -0.4667 | ویژدان زیندویی ← توندوتیژی ژوانی |

## گفتوگۆی ئەنجامەکان:

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ڕۆڵی هاوسۆزی لە پەیوەندی نێوان سیماکانی کەسایەتی و توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لای قوتابیانی زانکۆ. هەروەک لە ئەنجامەکان ئاماژەیان پێکراوە سیماکانی کەسایەتی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیان بە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاینەوە هەبو. لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکات کە بریتیی بو لە: سیماکانی کەسایەتی پێشبینی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

لە ڕێگای گۆڕاوی نێوەندگیری هاوسۆزی دەکات. لەوانەش سیما تاریکەکان بەتایبەتی سایکۆپاتی b = 0.498, %95 ci (0.363, 0.634) و نێرگزی b = 0.412, %95 ci (0.263, 0.560) بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لە نێوان بەشداربوانی توێژینەوە هەبو. ئەم ئەنجامانە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەیەکی شیکاری بو کە لە ساڵی (2021) ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕو کەوا پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان سایکۆپاتی و نێرگزی لەگەڵ ڕەفتارەکانی کۆنترۆلکردنی ئەلیکترۆنیدا cyber controlling behaviors هەبوە. هەروەها سایکۆپاتی پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕەفتارەکانی شەڕانگێزی ڕاستەوخۆی ئەلیکترۆنیەوە cyber aggression behaviors هەبوە. بەڵام ماکیاڤێلیانیزم هیچ پەیوەندیەکی بەڵگەداری نەبوە (Pineda *et al.*, 2022, 10). بە هەمان شێوە لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی تردا دەرکەوت سایکۆپات و نێرگزی پێشبینیکەرێکی بەهێزبون بۆ دەستدرێژی ژوانی ئۆنلاین (Branson and March, 2021, 4). ئەمەش لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیە نەرێنیانەی کە گوزارشت لە سیما تاریکەکان دەکەن، چونکە سیما تاریکەکان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕەفتاری توندوتیژ و شەڕانگێزن کە لە ناو کۆمەڵگادا پەسەند کراونین ( Jauk & Dieterich, 2019, 1-3; Kiire, 2017, 401; Pechorro et al., 2022, 550-551; Yendell et al., 2022, 1-2) . تەنانەت هەندێک جار ئەو ڕەفتارانە لەوانەیە لە توندوتیژیەوە سەربکێشن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تاوانی مەترسیدار، وەک دەستدرێژی سێکسی و کوشتن (Edwards, Albertson and Verona, 2017, 921-927) .

لە هەمانکاتدا ئەنجامەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە سایکۆپاتی و نێرگزی پەیوەندیەکی ئەرێنی بەڵگەداری ئامارییان بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هاوسۆزیەوە بە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاینەوە لای قوتابیانی زانکۆ هەبوە. ئەم ئەنجامەش بە بەڵگەیی زانستی پشتڕاستکراوەتەوە، بەو واتایەی قوتابیانی زانکۆ بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان کۆمەڵێک ئامرازی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن (Burke *et al.*, 2011, 1163- 1165)، ئەمەش هەندێکجار دەبێتە هۆی بێزار بونی خۆشەویستەکانیان. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەی پێشو بو (Heym *et al.*, 2019, 1-10)، ئەنجامەکانیان ئەوە نیشان دەدەن کەوا سایکۆپاتی بەشێوەیەکی نەرێنی پێشبینی هاوسۆزی سۆزداری و مەعریفی دەکات، هەروەها پەیوەندی هەیە بە زیادبونی توندوتیژی و شەڕانگێزی بە هەمو جۆرەکانیەوە. بەتایبەتی هاوسۆزی مەعریفی پێشبینی شەڕانگێزی ئەلیکترۆنی دەکرد لە کاتێکدا تورەیی و ئیرەیی پێشبینی شەڕانگێزی دەرونی دەکرد (Muñoz-Fernández and Sánchez-Jiménez, 2020, 17-21). لە کاتێکدا لە توێژینەوەیەکی تر ئەنجامەکان پێچەوانە بون بەو مانایەی سایکۆپاتی پەیوەندی بە هەراسانکردن هەبو بەشێوەی ڕوبەڕو (van Geel *et al.*, 2017, 1). کەواتە لە پێداچونەوەی توێژینەوە زانستیەکان دەبینرێت کەوا مشتومڕێکی بەرچاو لەسەر چەمکسازیی سیما تاریکەکان وەک سیمای تاکەکەسی، لەگەڵ کەم بونەوەی ئاستی هاوسۆزی هەبوە. واتە دەکرێت بوترێت چەند ئاستی سیما تاریکەکان لە تاکدا بەرز بێت، هاوسۆزیان بۆ بەرامبەرەکەیان کەمتر دەبێت، کە هاوسۆزی کەمبو توانای تاک بۆ تێگەیشتن و هەستکردن بە کەسی بەرامبەر نامێنێت. دەرئەنجام دەستدرێژیکار کۆمەڵێک ڕەفتاری ناتەندروست بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی ئەنجامدەدات لە دیارترینیان لەوانەیە توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بێت. (Caridade, Braga and Borrajo, 2019, 151)

لە ئەنجامێکی تر دەرکەوت کەوا پێنج سیماکانی کەسایەتی لە ناویاندا هاوتەبابون b = -0.514, %95 ci (-0.662, -0. 366)، ویژدان زیندوی b = -0.466, %95 ci (-0.617, -0.317) و دەمارگیریەتی b = 0.427, %95 ci (0.289, 0.564) بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بەڵگەداری ئامارییان لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی ئەنجامدانی توندوتیژی ژوانی

ئۆنلاین لای قوتابیانی زانکۆ هەبوە. هاوکات ئەو ئەنجامانە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی پێشو بو کە لە لایەن Biolcati و هاوەڵەکانی ئەنجامدرابو، ئەوەیان نیشاندا کەوا سیماکانی کەسایەتی بەشێوەیەکی جیاواز پێشبینی شەڕانگێزی ڕاستەخۆی ئۆنلاین و کۆنترۆڵ و چاودێریکردن کردوە (Biolcati, Pupi and Mancini, 2022, 245). بەهەمان شێوە ئەنجامەکان لە توێژینەوەیەکی تر هاوشێوەبون لەوەی کە مەبەست و نیەتە نەرێنی و زیانبەخشەکان پەیوەندییەکی بەرچاویان بە دۆخی کەسایەتی تاکەکانەوە هەیە بە تایبەتی پێنج سیماکانی کەسایەتی (Zarnoufi and Abik, 2020, 1). لە توێژینەوەیەکی تر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هاوتەبابون پەیوەندی بە هەراسانکردنی ئۆنلاینەوە هەبوە (van Geel *et al.*, 2017, 1). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی کۆمەڵێک فاکتەر کە مەترسی ئەزمونکردنی کۆمەڵێک کاردانەوەو ڕەفتاری ناپەسەندیان هەیە. بۆ نمونە کەسە دەمارگیرەکان گوزارشت لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکەن کە بریتیین لە توڕەبون، ئیرەی، شەرمەزاری، بێزاری، ڕەفتاری سەرەڕۆی، ترس و ناهاوسەنگی هەڵچونەکان (Balada et al., 2019, 6; Eysenck, 1967, 386- 387). هەروەها بەڵگەی زانستی هەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا ئەو کەسانەی ئاستی سیمایی هاوتەبابون و ویژدان زیندویان کەمە هاوسۆزیشیان بۆ دەوروبەر کەم دەبێت (Lynam & Miller, 2019, 2-24; Nasti et al., 2023, 3-4). ئەمەش لە لایەن تیۆری پێنج سیما گەورەکەی کەسایەتی دوپاتکراوەتەوە، کەوا ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک یان ڕەفتارێک لە لایەن تاک هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئاستێکی جیاواز لە سیما کە هانی تاکدەدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژ کەواتە ئەو تایبەتمەندییانەی لەو سیمایانەدا هەن فاکتەری ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی تاک مەیلی بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی هەبێت. واتە دەکرێت بوترێت بە گشتی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی توندوتیژی ژوانی ئۆنڵاین لای نمونەی توێژینەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە کاریگەرییان لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی توندوتیژی.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، هاوسۆزی ڕۆڵی کاریگەر لە هەستکردنی تاک بۆ ئازاری کەسانی بەرامبەر دەگێڕێت (Jackson, Meltzoff and Decety, 2005, 771). لەم توێژینەوەیەدا هاوسۆزی وەک گۆڕاوی نێوەندگیر لە پەیوەندی نێوان سیماکان و توندوتیژی ژوانی بەکارهێنرا کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبو لەسەر بەرزبونەوەی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین لە ناو قوتابیانی زانکۆ، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی پێشو هاوشێوە بو (Nasti *et al.*, 2023, 3-4)، چونکە ئەگەر هاتو ئاستی هاوسۆزی تاک کەم بێت ئەوا کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاک لە ڕوی سیماوە دروست دەکات، بەتایبەتی توشبونی تاک بە شڵەژانی کەسایەتی نێرگزی (Ritter *et al.*, 2010, 245)، کە ئەمەش لەوانەیە وەک هاندەرێک هانی تاک بدرێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری توندوتیژ. هەروەها لە ماوەی هەرزەکاری و کۆتاییەکانی هەرزەکاریدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و دەرونی لای تاکەکان دروست دەبێت. واتە لەم قۆناغەی ژیان تاک داوای سەرنج و خۆشەویستی و پاڵپشتی دەکات، نەک تەنها لەلایەن خێزانەوە بەڵکو لەو کەسانەش کە لە دەرەوەی خێزانن. پێویستیان بە کەسێکە بێ مەرج خۆشی بوێن و سەرسام بن بە کەسایەتییان بۆ بەردەوام بون لە ژیان و بەدیهێنانی مەبەستەکان تەنانەت ئەم پاڵپشتیە یارمەتی تاکەکان دەدات بەدوای پەیوەندییەکدا بگەڕێن کە دو کەس کات و خۆشەویستی و سەرنجی خۆیان تێدا لەگەڵ یەکتردا بەسەر ببەن (Kanojiya, Singh and Dave, 2021, 123-124).

## سنورداری و کەم و کورییەکان:

ئەم توێژینەوەیە وەک هەمو توێژینەوە زانستییەکانی تر کۆمەڵێک خاڵی لاوازی هەبو. لە دیارترینیان پرۆسەی هەڵبژاردنی نمونە بو کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی هەڕەمەکی نەبو، بەڵکو ناهەڕەمەکی مەبەستدار بو، لە ئەنجامدا

لەوانەیە ئەگەری لایەنگری لێکەوتبێتەوە. پێویستە توێژینەوەکانی داهاتو زیاتر گرینگی بەو بوارە بدەن و بەشێوەیەکی فراوانتر لەڕوی نمونەی توێژینەوەوە لەو بوارە بکۆڵنەوە، واتە تەنها لە یەک شوێن نمونە وەرنەگیرێت، بەڵکو هەڵبژاردنی نمونەی جۆراو جۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت گشتاندن بکرێت. گرنگی بە ڕۆڵی ڕەگەز لەو بوارەدا بدرێت، تاکو بزانرێت کامە ڕەگەز زیاتر مەیلی ئەنجامدانی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاینی هەیە. دوەم پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان بەشێوەی گۆگڵ فۆرم بو، هەرچەند لەسەرەتای فۆرمی دەستپێکردن ئاماژە بەوەکرابو کە سەرجەم زانیارییەکان پارێزراون و بەشێوەیەکی نهێنی دەمێننەوە. بەڵام بە هۆی تایبەت بونی بابەتەکە بە بارودۆخی کەسی و هەندێک جاریش کەلتور ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربوان لە بەشداریکردن پاشەگەز بونەوە، واتە لە کۆی (380) تەنها (108) بەشداربو وەک نمونەی توێژینەوە مانەوە. بەڵام ئەگەر بەشێوەی چاوپێکەوتن بوایە لەوانەیە باشتر توانرابا هەڵسەنگاندن بکرێت. سێیەم پێوەرەکان ڕاپۆرتی خودی بون کە لەوانەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر وەڵامدانەوە و دیدی خود پەیبردن بەشداربو هەبێت، کە لەوانەیە پەیوەندی بە هەڵەی هەڵسەنگاندنەوە هەبێت. هەروەها هەوڵبدرێت بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕێژەی بەشداربوان لە ڕەگەزی نێر و مێ وەربگرێت.

### پێشنیاز بۆ توێژینەوەی داهاتو:

سەرەڕای ئەوەی، لە ڕوی زانستییەوە توێژینەوەی فراوان لەسەر توندوتیژی و جۆرەکانی بە بەشداری نمونەی جیاواز کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەداهاتودا خستنەڕوی نمونە سەرینیەکان کە بە ئاستی بەرزی توندوتیژی لە پەیوەندییەکانیاندا تایبەتمەندن پێویستە گرنگیان پێبدرێت. بە تایبەتی سەرنج بخرێتە سەر ئەوانەی گرفتی دەرونی و شڵەژانی کەسایەتیان هەیە و ڕێنمایی وەرناگرن. پێویستە لە داهاتودا سەرنج بخرێتە سەر ڕەهەندەکانی تری هاوسۆزی و هەڵسەنگاندنیان لە باردۆخی نەخۆشییە دەرونییەکان بۆ بکرێت. بەپێی ئەنجامە بە دەستهاتوەکان پێویستە تیشک بخرێتە سەر پێویستی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی ژینگە، جا چ بەشێوەیەکی ڕوبەڕو یان ئۆنلاین، بۆ دیزاینکردنی بەرنامەکانی خۆپارێزی لە داهاتودا. هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر وشیار بێت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی تەندروست کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین.

### ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە یەکێک لە پرسیارە مشتومڕاوییەکانی خستەڕو کە ئایا کەمی ئاستی هاوسۆزی ڕۆڵی لەسەر سیماکانی کەسایەتی هەیە، ئایا سیماکانی کەسایەتی کاریگەریان لەسەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین بە نێوەندگیری گۆڕاوی هاوسۆزی هەیە. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتوەکان سەرەڕای ئەوەی سیماکانی کەسایەتی بەگشتی و بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ کاریگەریان لەسەر توندوتیژی ژوانی ئۆنلاین هەبو، لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆش لە ڕێگەی هاوسۆزیەوە کاریگەرییان لەسەر بەرزبونەوەی ئەم جۆرە توندوتیژیە لە پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا هەبو.

## سەرچاوەكان:

Balada, F. *et al.* (2019) 'Neuroticism is associated with reduced oxygenation levels in the lateral prefrontal cortex following exposure to unpleasant images', *Physiology & Behavior*, 199, pp. 66–72. Available at: https://doi.org/10.1016/j.physbeh.2018.11.002.
Biolcati, R., Pupi, V. and Mancini, G. (2022) 'Cyber dating abuse and ghosting behaviours: personality and gender roles in romantic relationships', *Current Issues in Personality Psychology*, 10(3), pp. 240–251.
Branson, M. and March, E. (2021) 'Dangerous dating in the digital age: Jealousy, hostility, narcissism, and psychopathy as predictors of Cyber Dating Abuse', *Computers in Human Behavior*, 119, p. 106711. Available at: https://doi.org/10.1016/j.chb.2021.106711.
Breyer, T. (2019) 'Empathy, Sympathy, and Compassion (2020)'. Available at: https://www.academia.edu/38051407/Empathy_Sympathy_and_Compassion_2020_ (Accessed: 28 January 2024).
Bufacchi, V. (2005) 'Two Concepts of Violence', *Political Studies Review*, 3(2), pp. 193–204. Available at: https://doi.org/10.1111/j.1478-9299.2005.00023.x.
Burke, S.C. *et al.* (2011) 'Using technology to control intimate partners: An exploratory study of college undergraduates', *Computers in Human Behavior*, 27(3), pp. 1162–1167. Available at: https://doi.org/10.1016/j.chb.2010.12.010.
Caridade, S., Braga, T. and Borrajo, E. (2019) 'Cyber dating abuse (CDA): Evidence from a systematic review', *Aggression and Violent Behavior*, 48, pp. 152–168. Available at: https://doi.org/10.1016/j.avb.2019.08.018.
Caridade, S.M.M. and Braga, T. (2020) 'Youth cyber dating abuse: A meta-analysis of risk and protective factors', *Cyberpsychology: Journal of Psychosocial Research on Cyberspace*, 14(3). Available at: https://doi.org/10.5817/CP2020-3-2.
Costa, P.T. and McCrae, R.R. (1992) 'Four ways five factors are basic', *Personality and Individual Differences*, 13(6), pp. 653–665. Available at: https://doi.org/10.1016/0191-8869(92)90236-I.
Costa, P. and McCrae, R.R. (1999) 'A five-factor theory of personality', *The Five-Factor Model of Personality: Theoretical Perspectives*. Edited by L.A. pervin and O.P. John, 2, pp. 51–87.
Crosby, A.E., Ortega, L. and Melanson, C. (2011) *Self-directed violence surveillance: uniform definitions and recommended data elements* [electronic resource]. Version 1.0. Atlanta, Ga: Centers for Disease Control and Prevention, National Center for Injury Prevention and Control, Division of Violence Prevention. Available at: https://purl.fdlp.gov/GPO/gpo23246 (Accessed: 3 September 2022).
Edwards, B.G., Albertson, E. and Verona, E. (2017) 'Dark and vulnerable personality trait correlates of dimensions of criminal behavior among adult offenders', *Journal of Abnormal Psychology*, 126(7), pp. 921–927. Available at: https://doi.org/10.1037/abn0000281.
Eysenck, H.J. and Eysenck, S.B. (1967) 'On the unitary nature of extraversion', *Acta Psychologica, Amsterdam*, 26(4), pp. 383–390. Available at: https://doi.org/10.1016/0001-6918(67)90034-0.
Fan, L., Chatterjee, S. and Kim, J. (2022) 'An Integrated Framework of Young Adults' Subjective Well-Being: The Roles of Personality Traits, Financial Responsibility, Perceived Financial Capability, and Race',

*Journal of Family and Economic Issues*, 43(1), pp. 66–85. Available at: https://doi.org/10.1007/s10834-021-09764-6.

Ferguson, C.J. *et al.* (2011) 'Personality and media influences on violence and depression in a cross-national sample of young adults: Data from Mexican–Americans, English and Croatians', *Computers in Human Behavior*, 27(3), pp. 1195–1200. Available at: https://doi.org/10.1016/j.chb.2010.12.015.

Foshee, V.A. (1996) 'Gender differences in adolescent dating abuse prevalence, types and injuries', *Health Education Research*, 11(3), pp. 275–286.

Gao, K. *et al.* (2021) 'The effect of conscientiousness on procrastination: The interaction between the self-control and motivation neural pathways', *Human Brain Mapping*, 42(6), pp. 1829–1844. Available at: https://doi.org/10.1002/hbm.25333.

Gandhi, A. et al. (2016) 'Non-suicidal self-injury and other self-directed violent behaviors in India: A review of definitions and research', Asian Journal of Psychiatry, 22, pp. 196–201. Available at: https://doi.org/10.1016/j.ajp.2015.09.015.

van Geel, M. *et al.* (2017) 'Which personality traits are related to traditional bullying and cyberbullying? A study with the Big Five, Dark Triad and sadism', *Personality and Individual Differences*, 106, pp. 231–235. Available at: https://doi.org/10.1016/j.paid.2016.10.063.

Gracia Leiva, M. *et al.* (2020) 'Off- and Online Heterosexual Dating Violence, Perceived Attachment to Parents and Peers and Suicide Risk in Young Women', *International Journal of Environmental Research and Public Health*, 17, p. 3174. Available at: https://doi.org/10.3390/ijerph17093174.

Graziano, W.G. and Tobin, R.M. (2013) 'The cognitive and motivational foundations underlying agreeableness', in M.D. Robinson, E.R. Watkins, and E. Harmon-Jones (eds) *Handbook of cognition and emotion*. New York, NY, US: The Guilford Press, pp. 347–364.

Hamby, S. (2017) 'On defining violence, and why it matters', *Psychology of Violence*, 7(2), pp. 167–180. Available at: https://doi.org/10.1037/vio0000117.

Hellmuth, J.C. and McNulty, J.K. (2008) 'Neuroticism, marital violence, and the moderating role of stress and behavioral skills', *Journal of Personality and Social Psychology*, 95(1), pp. 166–180. Available at: https://doi.org/10.1037/0022-3514.95.1.166.

Heym, N. *et al.* (2019) 'Empathy at the Heart of Darkness: Empathy Deficits That Bind the Dark Triad and Those That Mediate Indirect Relational Aggression', *Frontiers in Psychiatry*, 10. Available at: https://www.frontiersin.org/articles/10.3389/fpsyt.2019.00095 (Accessed: 27 January 2024).

Imbusch, P. (2003) 'The Concept of Violence', in W. Heitmeyer and J. Hagan (eds) *International Handbook of Violence Research*. Dordrecht: Springer Netherlands, pp. 13–39. Available at: https://doi.org/10.1007/978-0-306-48039-3_2.

Jackson, P.L., Meltzoff, A.N. and Decety, J. (2005) 'How do we perceive the pain of others? A window into the neural processes involved in empathy', *NeuroImage*, 24(3), pp. 771–779. Available at: https://doi.org/10.1016/j.neuroimage.2004.09.006.

John, O.P. and Srivastava, S. (1999) 'The Big Five Trait taxonomy: History, measurement, and theoretical perspectives', in L.A. Pervin and O. P John (eds) *Handbook of personality: Theory and research, 2nd ed*. New York, NY, US: Guilford Press, pp. 102–138.

Jones, D.N. and Paulhus, D.L. (2014) 'Introducing the Short Dark Triad (SD3): A Brief Measure of Dark Personality Traits', *Assessment*, 21(1), pp. 28–41. Available at: https://doi.org/10.1177/1073191113514105.

Jauk, E. and Dieterich, R. (2019) 'Addiction and the Dark Triad of Personality', *Frontiers in Psychiatry*, 0. Available at: https://doi.org/10.3389/fpsyt.2019.00662.

Kanojiya, S., Singh, B. and Dave, R. (2021) 'Relationship between Personality Traits and Dating Violence Attitude among Adolescents', 3.

Kernsmith, P.D., Victor, B.G. and Smith-Darden, J.P. (2018) 'Online, Offline, and Over the Line: Coercive Sexting Among Adolescent Dating Partners', *Youth & Society*, 50(7), pp. 891–904. Available at: https://doi.org/10.1177/0044118X18764040.

Kiire, S. (2017) 'Psychopathy rather than Machiavellianism or narcissism facilitates intimate partner violence via fast life strategy', *Personality and Individual Differences*, 104, pp. 401–406. Available at: https://doi.org/10.1016/j.paid.2016.08.043.

Kim, N. and Keeley, L. (2008) 'Social violence and war', in *Encyclopedia of Archaeology*, pp. 2053–2064. Available at: https://doi.org/10.1016/B978-012373962-9.00289-2.

Krug, E.G. *et al.* (2002) *World report on violence and health*. World Health Organization. Available at: https://apps.who.int/iris/handle/10665/42495 (Accessed: 2 September 2022).

Lu, Y., Ouytsel, J.V. and Temple, J.R. (2021) 'In-Person and Cyber Dating Abuse: A Longitudinal Investigation', *Journal of social and personal relationships*, 38(12), p. 3713. Available at: https://doi.org/10.1177/02654075211065202.

Lynam, D.R. and Gudonis, L. (2005) 'The Development of Psychopathy', *Annual Review of Clinical Psychology*, 1(1), pp. 381–407. Available at: https://doi.org/10.1146/annurev.clinpsy.1.102803.144019.

Lynam, D.R. and Miller, J.D. (2019) '1 - On the ubiquity and importance of antagonism', in J.D. Miller and D.R. Lynam (eds) *The Handbook of Antagonism*. Academic Press, pp. 1–24. Available at: https://doi.org/10.1016/B978-0-12-814627-9.00001-3.

McCrae, R. and Costa, P. (1983) 'Joint factors in self-reports and ratings: Neuroticism, extraversion and openness to experience', *Personality and Individual Differences*, 4, pp. 245–255. Available at: https://doi.org/10.1016/0191-8869(83)90146-0.

McCrae, R.R. and Costa Jr., P.T. (1999) 'A Five-Factor theory of personality', in L.A. Pervin and J.O.P. John (eds) *Handbook of personality: Theory and research, 2nd ed*. New York, NY, US: Guilford Press, pp. 139–153.

Mercy, J.A. *et al.* (2017) 'Interpersonal Violence: Global Impact and Paths to Prevention', in C.N. Mock et al. (eds) *Injury Prevention and Environmental Health*. 3rd edn. Washington (DC): The International Bank for Reconstruction and Development / The World Bank. Available at: http://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK525208/ (Accessed: 4 September 2022).

Miller, J.D. *et al.* (2017) 'Controversies in Narcissism', *Annual Review of Clinical Psychology*, 13(1), pp. 291–315. Available at: https://doi.org/10.1146/annurev-clinpsy-032816-045244.
Mohamedamin, P.F. and Fatahi, N. (2022) 'Relationship Between Personality Traits and Violence Involvement -a Study of High School Students in Northern Iraq', *Acta Informatica Medica*, 30(3), pp. 213–219. Available at: https://doi.org/10.5455/aim.2022.30.213-219.
Muñoz-Fernández, N. and Sánchez-Jiménez, V. (2020) 'Cyber-aggression and psychological aggression in adolescent couples: A short-term longitudinal study on prevalence and common and differential predictors.', *Computers in Human Behavior*, 104, p. 106191. Available at: https://doi.org/10.1016/j.chb.2019.106191.
Nasti, C. *et al.* (2023) 'The relationship between personality and bullying among primary school children: the mediation role of trait emotion intelligence and empathy', *International Journal of Clinical and Health Psychology*, 23(2), p. 100359. Available at: https://doi.org/10.1016/j.ijchp.2022.100359.
Pechorro, P. *et al.* (2022) 'Dark Triad Psychopathy Outperforms Self-Control in Predicting Antisocial Outcomes: A Structural Equation Modeling Approach', *European Journal of Investigation in Health, Psychology and Education*, 12(6), pp. 549–562. Available at: https://doi.org/10.3390/ejihpe12060041.
Pineda, D. *et al.* (2022) 'Same Personality, New Ways to Abuse: How Dark Tetrad Personalities Are Connected With Cyber Intimate Partner Violence', *Journal of Interpersonal Violence*, 37(13–14), pp. NP11223–NP11241. Available at: https://doi.org/10.1177/0886260521991307.
Pujazon-Zazik, M. and Park, M.J. (2010) 'To Tweet, or Not to Tweet: Gender Differences and Potential Positive and Negative Health Outcomes of Adolescents' Social Internet Use', *American Journal of Men's Health*, 4(1), pp. 77–85. Available at: https://doi.org/10.1177/1557988309360819.
Reniers, R.L.E.P. *et al.* (2011) 'The QCAE: a Questionnaire of Cognitive and Affective Empathy', *Journal of Personality Assessment*, 93(1), pp. 84–95. Available at: https://doi.org/10.1080/00223891.2010.528484.
Ritter, K. *et al.* (2010) 'Lack of empathy in patients with narcissistic personality disorder', *Psychiatry research*, 187, pp. 241–7. Available at: https://doi.org/10.1016/j.psychres.2010.09.013.
Redondo, I. *et al.* (2022) 'Measuring Cyber Dating Violence: Reliability and Validity of the Escala de CiberViolencia en Parejas Adolescentes (Cib-VPA) in Spanish Young Adults', *Clínica y Salud*, 33, pp. 000–000. Available at: https://doi.org/10.5093/clysa2022a10.
Rodríguez-deArriba, M.-L. *et al.* (2021) 'Dimensions and measures of cyber dating violence in adolescents: A systematic review', *Aggression and Violent Behavior*, 58, p. 101613. Available at: https://doi.org/10.1016/j.avb.2021.101613.
Rutherford, A. *et al.* (2007) 'Violence: a glossary', *Journal of Epidemiology and Community Health*, 61(8), pp. 676–680. Available at: https://doi.org/10.1136/jech.2005.043711.
Scannell, M. (2019) 'Online Dating and the Risk of Sexual Assault to College Students', *Building Healthy Academic Communities Journal*, 3, p. 34. Available at: https://doi.org/10.18061/bhac.v3i1.6688.
Showkat, N. and Parveen, H. (2017) 'Non-Probability and Probability Sampling', in, pp. 1–9.

Smith-Darden, J.P. *et al.* (2017) ‘Electronic displays of aggression in teen dating relationships: Does the social ecology matter?’, *Computers in Human Behavior*, 67, pp. 33–40. Available at: https://doi.org/10.1016/j.chb.2016.10.015.

Stephenson, V.L., Wickham, B.M. and Capezza, N.M. (2018) ‘Psychological Abuse in the Context of Social Media’, *Violence and Gender*, 5(3), pp. 129–134. Available at: https://doi.org/10.1089/vio.2017.0061.

Taherdoost, H. (2016) ‘Sampling Methods in Research Methodology; How to Choose a Sampling Technique for Research’, *International Journal of Academic Research in Management (IJARM)*, 5. Available at: https://hal.archives-ouvertes.fr/hal-02546796 (Accessed: 25 September 2022).

Tavara, L. (2006) ‘Sexual violence’, *Best Practice & Research Clinical Obstetrics & Gynaecology*, 20(3), pp. 395–408. Available at: https://doi.org/10.1016/j.bpobgyn.2006.01.011.

Thulin, E.J. *et al.* (2021) ‘Adolescent Risk of Dating Violence and Electronic Dating Abuse: A Latent Class Analysis’, *Journal of youth and adolescence*, 50(12), pp. 2472–2486. Available at: https://doi.org/10.1007/s10964-020-01361-4.

Vehovar, V., Toepoel, V. and Steinmetz, S. (2016) ‘Non-probability sampling’, in, pp. 329–346.

Yendell, A. *et al.* (2022) ‘What makes a violent mind? The interplay of parental rearing, dark triad personality traits and propensity for violence in a sample of German adolescents’, *PLOS ONE*, 17(6), p. e0268992. Available at: https://doi.org/10.1371/journal.pone.0268992.

Yue, C. and Xu, X. (2019) ‘Review of Quantitative Methods Used in Chinese Educational Research, 1978–2018’, *ECNU Review of Education*, 2(4), pp. 515–543. Available at: https://doi.org/10.1177/2096531119886692.

Zarnoufi, R. and Abik, M. (2020) ‘Big Five Personality Traits and Ensemble Machine Learning to Detect Cyber-Violence in Social Media’, in M. Serrhini, C. Silva, and S. Aljahdali (eds) *Innovation in Information Systems and Technologies to Support Learning Research*. Cham: Springer International Publishing (Learning and Analytics in Intelligent Systems), pp. 194–202. Available at: https://doi.org/10.1007/978-3-030-36778-7_21.

Zweig, J.M. *et al.* (2013) ‘The Rate of Cyber Dating Abuse Among Teens and How It Relates to Other Forms of Teen Dating Violence’, *Journal of Youth and Adolescence*, 42(7), pp. 1063–1077. Available at: https://doi.org/10.1007/s10964-013-9922-8.

**پاشکۆ:**

سەرجەم پێوەرە بەکارهاتوەکان لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | هەندێکجار | زۆر جار | هەمیشە |

**پێوەری توندوتیژی ژوانی**

1. کە دەبینم خۆشەویستەکەم ئۆنلاینە و دەستبەجێ وەڵامم ناداتەوە، یەکسەر تورە دەبم.
2. لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چاودێریی خۆشەویستەکەم دەکەم، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانم کە لەسەر هێڵە یان نا.
3. ڕێگە بە خۆشەویستەکەم نادەم لەگەڵ هەندێک کەسدا چات بکات، ئەگەر کردیشی، تورەدەبم و دڵگرانی دەکەم.
4. هاورێیەتیکردنی خۆشەویستەکەم لەگەڵ کەسانیتردا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی بلۆککردنەوە سنورداردەکەم، ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابون لەوەی پەیوەندیی لەگەڵ کەسانیتر دروستنەکات.

5. پۆستکردنی هەندێک ڤیدیۆ و وێنەی خۆشەویستەکەم لە سۆشیال میدیا، ئێرەیی لا دروست دەکات.
6. قسە و قسەڵۆک و شتی نادروست لە بارەی خۆشەویستەکەم، لە سۆشیال میدیا بڵاودەکەمەوە.
7. بەشێوەیەکی تایبەت سوکایەتی و هەڕەشەم لە خۆشەویستەکەم کردوە.
8. بە خۆشەویستەکەمم گوتوە ئەگەر وازم لێبێنی زانیارییە کەسییەکانت لە سۆشیال میدیا بڵاودەکەمەوە.
9. بۆئەوەی خۆشەویستەکەم هەست بە دڵتەنگی بکات، لە ڕێی گروپەکانی واتسئاپ و ماسنجەر بێزارمکردوە.

| هەرگیز لەگەڵیدانیم | تاڕادەیەک لەگەڵیدانیم | تاڕادەیەک لەگەڵیم | هەمیشە لەگەڵیم |
|---|---|---|---|

10. بە بێ وەرگرتنی هیچ ڕەزامەندییەک، وێنە و ڤیدیۆ تایبەتیەکانی خۆشەویستەکەم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاوکردۆتەوە.

**پێوەری هاوسۆزی**

1. بەلامەوە قورسە شتەکان لە ڕوانگەی کەسێکیترەوە ببینم.
2. عادەتەن لە سەیرکردنی فیلم یان شانۆگەریدا کەسێکی بابەتیم و ناچمە ناو وردەکاریەکانەوە (تێکەڵ بە کەشی فیلمەکە نابم)
3. بەرلەوەی بڕیار بدەم، هەوڵ دەدەم تەماشای هەمو بۆچونە جیاوازەکان بکەم.
4. هەوڵدەدەم باشتر لە هاوڕێکانم تێبگەم، ئەمەش بە وێناکردنی ئەوەی کە شتەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە چۆنن.بەرلەوەی بڕیار بدەم، هەوڵدەدەم تەماشای هەمو بۆچونە جیاوازەکان بکەم.
5. کاتێک لە کەسێک نیگەران دەبم، هەوڵ دەدەم بۆ ماوەیەک خۆم بخەمە جێگای ئەو.
6. بەرلەوەی ڕەخنە لە کەسێک بگرم، هەوڵدەدەم بێنمە پێش چاوم کە هەستم چۆن دەبو ئەگەر لە شوێنی ئەو بومایە.
7. کێشەی هاوڕێکانم بە کێشەی خۆم دەزانم و هەستیان پێ دەکەم.
8. لەئەگەری نیگەرانبونی کەسانی دەوروبەرم، بۆی هەیە منیش نیگەران ببم.
9. ئەو کەسانەی لە گەڵیاندام کاریگەریی بەهێزیان لەسەر میزاجم هەیە.
10. کاتێك یەكێك لە هاوڕێكانم بە نیگەرانی دەبینم، کاریگەری لەسەرم دروست دەکات.
11. زۆرجار بە قوڵی تێکەڵ بە هەست و سۆزی کەسایەتی ناو فیلمەکان یان ڕۆمانەکان دەبم.
12. بە گریانی کەسانی دیکە زۆر نیگەران دەبم.
13. لەگەڵ کەسانی دڵخۆش، دڵخۆش و لەگەڵ کەسانی نیگەرانیش، نیگەران دەبم (دڵخۆشبون و غەمباربونی کەسانی دەوروبەرم کارم تێدەکات)
14. نیگەرانی و پەشۆکاویی کەسانی دیکە نیگەرانم دەکات.
15. دەتوانم بە ئاسانی تێبگەم کە کێ دەیەوێت بەشداری لە قسە و گفتوگۆدا بکات
16. بە خێرایی لە قسەی کەسانی تر تێ دەگەم، تەنانەت ئەگەر مەبەستێکی تریشی هەبو.
17. سەختە تێبگەم کە بۆچی خەڵك بە هەندێك شت نیگەران دەبن.
18. بە ئاسانی دەتوانم خۆم بخەمە جێگای کەسێکی تر.
19. دەتوانم پێشبینی هەستەکانی خەڵك بکەم.
20. بە خێرایی دەتوانم ئەو کەسە دەستنیشان بکەم کە لە ناو گروپێکدا هەست بە نامۆیی و نارەحەتی دەکات.
21. خەڵکی دەڵێن، من کەسێکم دەتوانم بەباشی لە هەست و بیرکردنەوە ئەوانیتر تێبگەم.
22. لەکاتی قسەکردندا، بە ئاسانی دەتوانم هەست بەوە بکەم کەوا خەڵکی خەزیان لە قسەکانمە یان نا.
23. لەبەرئەوەی بە کەسێکی زۆر تێگەیشتو ناو دەبرێم، هاوڕێکانم کێشەکانی خۆیان بۆ من باس دەکەن.
24. تەنانەت ئەگەر داواشم لێ نەکەن، هەست دەکەم کە دەتوانم تەداخولی کەسانی دیکە بکەم.
25. بە ئاسانی دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە خەڵکی دەیانەوێت لە قسەکانیان باسی چی بکەن.
26. دەتوانم بزانم کە کەسێك هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی شاردۆتەوە یان نا.
27. باشم لە پێشبینیکردنی ئەوەی کە کەسێک دەیەوێت چی بکات.
28. عادەتەن، دەتوانم بۆچونی کەسانی بەرانبەر بەرز بنرخێنم، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشیاندا هاوڕانەبم.
29. زۆرجار لەکاتی سەیرکردنی فیلم، لە ڕوی سۆزیەوە تێکەڵی فیلمەکە نابم.

30. هەمیشە بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک، هەوڵ دەدەم هەستی هاوڕێکانم لە بەرچاو بگرم.
31. بەرلەوەی ڕەفتارێک ئەنجام بدەم، هەوڵ دەدەم بیر لە کاردانەوەی هاوڕێکانم بکەمەوە.

| هەرگیز لەگەڵیدا نیم | تا ڕاددەیەك لەگەڵیدا نیم | نە لەگەڵیم، نە دژیم | تا ڕادەیەك لەگەڵیم | بەتوندی لەگەڵیم |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

1. _____ بەدوای دۆزینەوەی هەڵەی ئەوانیتردا دەگەڕێم.
2. **پێوەری پێنج سیما گەورەکەی کەسایەتی**
3. _____ کارەکان بە ڕاست و دروستی (بەتەواوی) ئەنجام دەدەم.
4. _____ کەسێکی ڕەسەنم (ئۆریجناڵم،) لەگەڵ بیرۆکەی نوێدا یەکدەگرمەوە.
5. _____ کەسێکی خۆپارێزم.
6. _____ دەتوانم گوێ بەشتەکان نەدەم (پشتگوێیان بخەم)
7. _____ ئارەزوی زانینی شتی جیاواز دەکەم.
8. _____ لە دەمەقرە و دەمەقاڵێدا دەسپێشخەرم.
9. _____ چارەدۆزم، بە قوڵی بیردەکەمەوە.
10. _____ شەوق و زەوقێك دروستکەرم.
11. _____ سروشتتێکی لێبوردەییم هەیە (بیر لە تۆڵە ناکەمەوە.)
12. _____ کەسێکم، بەلای شپرزەیی (نارێکخراویم) دام.
13. _____ بیرۆکە و ئەندێشەی کاریگەرم هەیە.
14. _____ بەشێوەیەکی گشتی جێی باوەڕی خەڵکم.
15. _____ کەسێکم، بەلای تەمبەڵی (کارنەکەری) دام.
16. _____ داهێنەرم.
17. _____ کەسێکی لەخۆڕادیتوم.
18. . _____ کۆڵنادەم تاوەکو ئەرکەکەم (ئەو شتەی دەمەوێ ئەنجامی بدەم) بە کۆتایی نەهێنم.
19. . _____ بەهای هونەر دەزانم، ئەزمونی جوانی ناسیم (هونەرناسیم) هەیە.
20. . _____ لەبەرامبەر هەمو کەسێکدا ڕێزدەنوێنم و میهرەبانم.
21. . _____ کارەکان بە لێهاتویەوە ئەنجام دەدەم.
22. _____ ئەو کارەم بەلاوە باش و پەسندە کە ڕۆژانە دوبارەدەبێتەوە.
23. _____ پلان دادەنێم و بە پێێ پلانەکان هەنگاو دەنێم.
24. _____ حەزم لەبیرکردنەوەی قوڵە، بیرۆکەکان تاوتوێ دەکەم.
25. _____ ئارەزویەکی کەمم بۆ هونەر (جوانناسی) هەیە.
26. _____ حەز بە هاوکاری خەڵکانی دیکە دەکەم.
27. _____ کارامەیم (لێزانیم) لە بواری هونەر، میوزیک یان ئەدەب هەیە.

| به توندی رازیم | رازیم | نه رازیم نه نارازیم | نارازیم | به‌توندی نارازیم | برگه‌کان پێوەری سیما تاریکه‌کانی که‌سایه‌تی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئاشکراکردنی نهێنیه‌کانت ژیری نییه. | 1 |
| | | | | | بۆ به‌ده‌ستهێنانی ئامانجه‌که‌م، ڕێگه‌یه‌کی ژیرانه ده‌گرمه‌به‌ر. | 2 |
| | | | | | به هه‌ر جۆرێک بێت، پێویسته که‌سانی گرنگ له پاڵ تۆدا بوه‌ستن. | 3 |
| | | | | | دوریکه‌وه له ململانێی ڕاسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ که‌سانێتر له‌وانه‌یه له داهاتودا به‌سودبن. | 4 |
| | | | | | ژیرانه‌یه به‌دوای ئه‌و زانیارییانه‌وه بیت که ده‌توانیت دواتر دژی خه‌ڵک به‌کاری بێنیت. | 5 |
| | | | | | پێویسته چاوه‌ڕێی کاتی گونجاو بۆ تۆڵه کردنه‌وه بکه‌یت. | 6 |
| | | | | | هه‌ندێک شت هه‌یه پێویسته له خه‌ڵک بیشاریته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی که‌سایه‌تیت بپارێزی. | 7 |
| | | | | | دڵنیابه له‌وه‌ی که پلانه‌کانت بۆ خۆت سودیان هه‌یه نه‌ک بۆ که‌سانی تر. | 8 |
| | | | | | ده‌توانرێ زۆرینه‌ی خه‌ڵکی هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنی. | 9 |
| | | | | | خه‌ڵک وه‌ک سه‌رکرده‌یه‌کی سروشتی ده‌مبینن. | 10 |
| | | | | | ڕقم له‌وه‌یه که ناوه‌ندی سه‌رنج بم. | 11 |
| | | | | | زۆرێک له چالاکییه گروپییه‌کان به‌بێ من کاریگه‌ریان نابێت. | 12 |
| | | | | | ده‌زانم که تایبه‌تم چونکه هه‌موان وام پێده‌ڵێن. | 13 |
| | | | | | حه‌ز ده‌که‌م له‌گه‌ڵ که‌سانی گرنگ ئاشنابم. | 14 |
| | | | | | هه‌ست به شه‌رمه‌زاری ده‌که‌م ئه‌گه‌ر یه‌کێک ستایشم بکات. | 15 |
| | | | | | من به که‌سانی به‌ناوبانگ به‌راوردکراوم. | 16 |
| | | | | | من که‌سێکی ئاساییم. | 17 |
| | | | | | سورم له‌سه‌ر به‌ده‌ستهێنانی ئه‌و ڕێزه‌ی که شایه‌نم. | 18 |